# بەیاننامەی ناڕەزایی دژی تیرۆرکردنی بێگەردی رۆژنامەنووس

گرووپی داکۆکی کردن لە مافی رۆژنامەنووسی مێینە

بەڕێزان:

- سەرۆکی هەرێمی کوردستان
- سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان
- سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان
- وەزارەتی ناوخۆ
- وەزارەتی داد
- وەزارەتی مافی مرۆڤ
- وەزارەتی هەرێم بۆ کاروباری ژنان
- سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان
- سەندیکای رۆژنامەنووسانی جیهان
- بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوونی توندوو تیژی دژ بەژنان
- سەرجەم رێکخراوەکانی ژنان و ئافرەتان
- سەرجەم کەناڵەکانی راگەیاندن
- سەرجەم رێکخراوە مرۆڤ دۆستە ناوخۆیی ونێودەوڵەتییەکان

شەوی 1819ی نیسانی 2008 بێگەرد حسێن ژنە رۆژنامەنووس لە هەفتەنامەی گوڵان بەدەستی هاوسەری پێشووی لە ماڵی خۆی لە گەڕەکی ئاری شاری هەولێر دوای چوار جار هەڵکوتانەسەری و هەڕەشەی کوشتن و دەستدرێژی کردنە سەری و لێدانی بەچەقۆ ، پاش مانگێک لەتۆمارکردنی سکاڵا دژی هاوسەری پێشویی (محەمەد مستەفا حەمەدەمین ) لە لای پۆلیس و بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوونی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان بەشێوەیەکی دڕندانەو نامرۆییانە تیرۆرکرا. لە کاتێکدا کەلە 1812008 بەرەسمی بێگەرد لەهاوسەرەکەی جیابۆتەوە و ماڵ و تەنیا کچەکەشی لێسەندووەو نەیهێشتووە ببینێ تا 1822008 ، کە بەرامبەر بە بڕی 600 دۆلار کچەکەی فرۆشتۆتەوە دایکی و پاش ئەمەش وازی لێنەهێناوەو هەڕەشەی لیکردووە گەر نەگەڕێتەوە لای دەیکوژێت و چوار جار بە مەبەستی کوشتن هەڵی کوتاوەتە سەری لە ماڵەکەی و هەمووجارەکانیش بێگەرد پۆلیسی لەم هەڕەشەو توندوتیژیانە ئاگادارکردۆتەوە ، چەند جارێک بۆ خۆ شاردنەوە ماڵی گواستۆتەوە تا جاری چوارەم لەگەڕەکی عەردی مەلایان لە رۆژی 1532008 چۆتە ماڵی و دوای دەستدرێژیکردنە سەری ، دووچەقۆی لێداوەو راستەوخۆ بێگەرد پۆلیسی لەمە ئاگادار کردۆتەوەو کێشەکەی بردۆتە بەردەم دادوەرو، دادوەر رەوانەی بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوونی دژ بە ئافرەتانی کردووە تا فەرمانی دەستگیرکردنی بکوژ دەربکەن ، بەڵام وەک ئەوەی بکوژ ساحر بێت نەتوانراوە دەستگیر بکرێت و ئێستاش تا ئامادەکردنی ئەم ناڕەزایی نامەیە تاوانبار ئازادە ، لە هەمان کاتدا بکوژ پێشینەو دۆسیەی تاوانی کوشتنی هەبووەو پۆلیسیش لەمە ئاگاداربووەو رێوشووێنی پێویست بەقەد گەورەیی ئەو مەترسییەی لە سەر ژیانی ئەم ژنە هەبووە نەگیراوەتە بەرو پۆلیس چاوەڕوانی بێگەرد بووە شوێنی تاوانباریان بۆ دەست نیشان بکات . ئەمەش گەورەترین بێ باکییە بەرامبەر ئەو توندوتیژیانەی دەرهەق تاکی مێینەی ئەم کۆمەڵگەیە دەکرێت . وێرای ئەمە راگەیاندنەکان و سکرتارییەتی ئافرەتانیش کێشەکەی بێگەرد ئاگادار بوون و تەنانەت گۆڤاری گوڵانیش ،کە دۆسییەکی تایبەتی بە کێشە کۆمەڵایەتییەکان وژنانی هەیەو دەیان چیرۆکی کوشتن وپێشێلکاری بە مافی ئافرەتی تێدا بڵاو دەکرێتەوە ، هەڵوێستێکیان بۆ کێشەکەی ئەم ژنە رۆژنامەنووسە نەبووە ،کە کارمەندیان بووە . ئێمە لەم تاوانەدا کەمتەرخەمی پۆلیس وراگەیاندن بەرامبەر پرسی ژن و جیاکاری لە یاسادا بە هۆکار دەزانین ، بەتوندی ئەم تاوانە مەحکووم دەکەین ، داواکارین تاوانبار بەسزایی توند وەک تیرۆرستێک بگات . چیترکوردستان نەبێتە مۆڵگەی ژنکوژان .